# تەنها خاوەنماڵەکە براوەیە

# ئەوانەی لەماوەی هەڵدانی پێکێکدا سەدان دۆلار دەدۆڕێنن

## چیرۆکی شەوانەی قومارچییەکانی شار

راپۆرتی سەلمان نادر




● کاروانی دوکاندار هەمیشە بیر لەو سەرەداوە دەکاتەوە کە مستەفا ببێتە موشتەری ئەو، رۆژێك بە فەرمانی برازای مستەفای وتبوو بۆ مامت ناهێنیت لای من شت بکرِیت، وەك خۆی دەیوت ئەگەر مستەفا ببێتە موشتەریم، واتە هەموو قومارچییەکانی شارەزوورو بەشێکی گەورەی قومارچییەکانی سلێمانیو بگرە هەڵەبجەش لای من شت دەکرِن، چونکە هەموو پارەکانیان لای ئەو کۆدەبێتەوە.

کاروان کە لەسەر کورسی (مینی مارکێت)ەکەی دانیشتبوو، باسی لەوە کرد بەدەیان قومارچی رۆژانە لای ئەو خواردنی خوانی قومارەکەیان دەبەنو چیرۆکی سەیری زۆری لایە کە بێترس بۆیان گێڕاوەتەوە، ئەو باس لە دیارەدەیەکی ونی شەوانەی خەڵکێکی فراوانو دەیان بەرپرسی پایەدارو ئاست مامناوەند دەکات کە خۆی جاروبار لە قومارکردندا بینیونی.

کاروان دەڵێت: "رۆژانە چەندە پارە ئاڵوگۆڕدەکرێت، شەوانەش هێندەی تر لەژێر رەحمی قوماردا ئاڵوگۆڕدەکرێت"، کاروان

هاوڕێمان بوو تا مستەفای تەمەن (53) ساڵمان دواند کە پیاوێکی کورتەباڵای پڕسیحر بوو، ئەو دەیوت: "لە قوماردا نهێنییەك نەماوە، کەسیش هێندەی من لە قومار ناگات"

ئەو پیاوە کە قومارچییەکی حیرفەییە، تەمەنێکی زۆری لەگەڵ قومارچییەکانی بەغدادا بەسەربردووەو چیرۆکی قومارچییەکانی عەممان دەگێڕێتەوە، کە بەهۆی ئاڵۆزی بارودۆخی ناوەڕاستی عێراقەوە ماوەیەك لەوێ ژیاوە، مستەفا دەرچووی بەشی عەرەبییە لە پەروەردەی موسڵ‌و ماوەیەکیش مامۆستای ئامادەییەك بووە لە بەغداد، ئەو شارەزاییەکی تەواوی لە جۆرە جیاوازەکانی قومارو تەنانەت ناسینەوەی هەر پولێکدا هەیە کە یەکجار یاری پێکردووە، ئەوانەی یارییان لەگەڵ مستەفاکردووە باس لە چەمکێك دەکەن لە قوماردا کە بەتەواوی لەوەدا دەردەکەوێت ئەویش (پۆکەرفەیس)ە.

کامەران وتی: "کەس ناتوانێت دەموچاوی بخوێنێتەوە لە کاتی یاریکردندا، واتە دەموچاوی هێندەی ناوباخەڵی شاراوەیە".

مستەفا دەڵێت: "خەڵك هەیە بووەتە خولیای تەنها یەکجار لە من بەرێتەوەو خۆی پێهەڵبکێشێت، یەك دوو کەسیان ئێستا بوونەتە کرێچی‌و پارەی خانووەکانیان لای منەو خۆشیان تەنها بە (مەی) خۆیان مەستدەکەن".

چیرۆکی قوماری بەرپرسەکان کە بە بڕە پارەی خەیاڵی یاریدەکەن، بەشێکی گەورەی گێڕانەوەکانی ئەون کە دەیان شەو بە تاڵی دەگوزەرێنن، بەڵام مستەفا دەڵێت ئەوان ناوێرن لەگەڵم یاریبکەن، منیش ناوێرم، چونکە دەترسم بمگرن.

سەبارەت بە شوێنی یاریکردنیان ئەو دەڵێت لە زۆرێك لە شارەکان خانووی زۆر هەن بەبیانووی جیاوازەوە بوونەتە قومارخانە، تەنانەت باس لە خانوویەك دەکات لە سلێمانی کە بە پاساوی هەبوونی جنۆکە تیایدا یەکێکە لە باشترین قومارخانەکان.

کامەران قومارچییەکی پیشەگەرەو کاتێکی زۆریشی هەیە بۆ قومارکردن، بەڵام هەندێکجار بۆ سەرگەرمی قوماردەکات. وەك خۆی باسی دەکات زۆرجار بۆ کاتبەسەربردن لەگەڵ ژمارەیەك لەو کەسانەدا یاریدەکات کە دێن بۆ لای، مستەفا مەبەستی لە پارە نییەو تەنها دەیەوێت پێیبوترێت (قومارچی).

مەترسی شەڕکردن لای کامەران مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی قومارچییەکان، ئەو دەڵێت خەڵك هەیە بەچوار حیمایەوە دێت، چۆن لێینەترسم، ئەو دەڵێت قومارچی نییە چەکی پێنەبێت، چونکە هیچ زەمانەتێك نییە بۆ ژیان.

کامەران دەڵێت من لە قوماری سێ گەڵایی زیاتر ناڕۆم، بەڵام هەشە بە دەفتەر یاریدەکات، لەناو هەموشیاندا خاوەنی خانووەکە براوەیە، چونکە "مزی" خۆی مسۆگەرە.

**تێبینی / مستەفا ناوی خوازراوی ئەو قومارچییەیە کە قسەی بۆ لڤین کردووە .**

## پیرۆزبایی

**لەناخی دڵمانەوە پرۆزبایی گەرم ئاراستەی هاوڕێمان مامۆستا (حەمید عەلی) پەیامنێری لڤین لە کەلار دەکەین بەبۆنەی گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەری لەگەڵ خاتوو (هێرۆ محەمەد) هیوای ژیانێکی پڕ لەکامەرانیان بۆ دەخوازین**

**لڤین**

## پیرۆزبایی

**لەناخی دڵەوە پرۆزبایی لە هاوڕێمان (هێمن بابان رەحیم) پەیامنێری کفری گۆڤارەکەمان دەکەین بە بۆنەی لەدایکبوونی کۆرپە چاوگەشەکەیانەوە، هیوای تەمەن درێژی و دواڕۆژێکی روونی بۆ دەخوازین .**

**لڤین**




بڵاوکراوەی نوێ

شۆڕشی سەربەخۆیی ئەمریکا ناونیشانی کتێبێکی هاوڕێمان (هەردی مەهدی) دەستەی نووسەرانی گۆڤاری لڤینە، بەمدواییانە کەوتە بەردیدی خوێنەران وێڕای دەستخۆشیمان هیوای سەرکەوتنی زیاتر و خامەیەکی رەنگینتری بۆ دەخوازین

لڤین